## بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی لیژنەی پێوەندییەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەکان لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٢-دوە

لیژنەکەمان کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ٢٠١٢/٥/٢٢ بۆ گفتوگۆ لەبارەی بودجەی ساڵی ٢٠١٢ کۆبۆوە. لەم کۆبوونەوەیەدا، نوێنەرانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە هەر سێ پارێزگای هەرێم و بەڕێوەبەری پرۆژەکان، ئامادەبوون. رۆژی دواتر لە ٥/٢٣دا درێژەمان بە کۆبوونەوەکە دا لەم راپۆرتەدا، پوختەی تێبینی و پێشنیازو راسپاردەکانی خۆمان دەخەینە روو:

**یەکەم: بودجەی کارپێکردن:**

١. وەك بۆمان دەرکەوت، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان نزیکەی ٩٠٪ی بودجەی کارپێکردنی خۆی لە ساڵی ٢٠١١دا خەرجکردووەو بەشێکی زۆری ئەو ١٠٪یە، کەوتۆتە ناو "تەعوزیزاتی فەرمانبەران"ەوە کە موناقەلەی پێ ناکرێ و لە لای وەزارەتی دارایی دەمێنێتەوە. ئەوەش کاری لە چالاکی وەزارەت کردووە.

٢. ئەو بودجە کارپێکردنەی بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان داندراوە، لانی کەمە بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەت و چالاکییەکانیان و پێویستە رەچاوی باری دهۆك و گەرمیان بکرێ لەکاتی خەملاندنی بودجە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و لەناو خودی وەزارەتی ناوبراویشدا.

٣. بڕی (٢٣١٠) ملیۆن دینار بۆ کرێی بینایە بۆ دایرەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دانراوە، ئەوە لە کاتێکدا، ( ٤٧ ) بینایەی وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا، حزب و کۆڕو کۆمەڵ و لایەنی تریان تێدایەو تا ئێستا وەرنەگیراوەتەوە. ئەوە لە وەزارەت و دایرەکانی تری ناپەیوەست بە وەزارەتەکانیش، هەیە.

٤. لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی نووسراوە مەبلەغی (١١٥) ملیار دینار بۆ (رێکخراوەکانی زانستی و رۆشنبیری و رێکخراوەکانی تر و لیژنەی ئۆلۆمپی و پارا ئۆلۆمپی و یەکێتییەکانی وەرزشی). دیارە لەناو بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری ولاواندا، بڕی ( ٣٠٠٠ ) ملیۆن دینار بۆ سندوقی داهێنەرانی بواری نووسین و هونەر دانراوەو بڕی (١١٠٥٧) ملیۆن دیناریش باروبوی سەنتەرە رۆشنبیری و تیپ و کۆمەڵە هونەرییەکان رێزلێنان ودانراوە.. واتە زیاد لە وەزارەت و دەزگایەك، پارە دەبەخشێتەوە. ئێمە پێمانباشە، هەموو ئەو رێکخراوو سەنتەرو یەکێتییە رۆشنبیری و هەنەری و وەرزشییانە لە یەك وەزارەتدا، ئەویش وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بێ، باروبو و کۆمەك بکرێن و یەك رێنوێنی (تعلیمات) بۆ هەموو پارێزگانی هەرێم هەبێ. ئەوەش لەبەر ٢ هۆ، یەکەمیان وەزارەت

لایەنێکی تایبەتمەندە بە بواری رۆشنبیری و وەرزشی و دووەمیان بۆ بە بەفیرۆنەچوون دارایی گشتی لەم بوارەدا.

٥. وەك دیارە تا بودجە پەسند دەکرێ، مانگانە ١٢/١ی بودجەی صەرفکراو نەك دانراو بۆ هەر وەزارتێك خەرج دەکرێ، ئەوەش گرفتێکی گەورەی لەبەردەم وەزارەتی رۆشنبیری و چالاکییەکانیدا دروستکردووە، بەتایبەتی لە هەردوو مانگی ٣ و٤دا کە کۆمەڵێ بۆنەیان تێدایەو دەبێ چالاکییان تێدا ئەنجام بدرێ و پێویستە ئیستیسنائاتیان بۆ بکرێ. ئەوە بێ لە کێشەی گەنجینەی پارێزگاکان کە لە "تایبەتمەندیی" کاری رۆشنبیری ناگەن.

٦. تەرخانکردنی دەرماڵەی هونەری بۆ هونەرمەندانو نوسەرانی فەرمانبەر لەسەر میلاکی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان.

٧. جێبەجێ کردنی خەرجی (النشطات الثقافية والفنية) لە فەصلەکانی خەرجی لە بودجە وەك ماددەیەکی سەر بەخۆ.

**دووەم: بودجەی وەبەرهێنان**

١. باشتر بوو ئەمساڵ وەکو ساڵی پار، لیستێك بەناوی پرۆژە تەاوبووەکان بۆ پەرلەمان بهاتبایە.

٢. لە بارەی پرۆژە پێشنیازکراوەکانەوە، وەك بۆمان دەرکەوت رەچاوی ئەو ئەولەویاتانە نەکراوە کە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بە وەزارەتی پلاندانان دراوە. رێژەی کۆی مەبلەغی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەچاو مەبلەغی گشتی هەموو وەزارەتەکان (٠,٣٥٪)ە. ئەوەش رێژەیەکی ئێکجار کەمە، ئەوە لە کاتێکدا لە شارەکانماندا، گرفتی نەبوونی هۆڵ بۆ بواری جیا-جیا و گەلەری-یمان هەیە. پێشنیاز دەکەین چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوەو رەچاوی ئەولەویات و عەدالەتی دابەشکردنی پرۆژەکان لەنێوان پارێزگان و لە سنووری یەك پارێزگاشدا بەسەر قەزاو ناحیەکانیدا بکرێ. هەر بۆ نموونە لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ئەمساڵدا (دروستکردنی کۆمەڵگەی رۆشنبیری و هونەری لە پارێزگای دهۆك بۆ ناوەندی قەزای دهۆك) دانراوە، لەکاتێکدا، وەزارەتی دارایی و ئابووری لەناو پرۆژە بەردەوامەکانیدا، (بینایە بۆ دەزگایەکی رۆشنبیری لە دهۆك-زنجیرە ژمارەی ٣٣) دروستدەکات، وای بەباش دەزانین و بەرەچاوکردنی دادپەروەری، دروستکردنی ئەو کۆمەڵگە رۆشنبیرییە بگوازرێتەوە بۆ قەزای ئامێدی.

٣. راستە وەرزش، توێژێکی بەرفرەوانی خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە و لێی سوودمەند دەبن. بەڵام ئەگەر سەیر بکەین بەلانسێکی دادپەروەرانە لەنێوان هەردوو بواری رۆشنبیری و وەرزش دا نییە. بەس بۆ نموونە، پارەی خەرجکراو لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بە رێژەی ٣٪ بۆ بواری رۆشنبیری و ٩٧٪- بۆ بواری وەرزش-ە. ئەگەر بەم شێوەیە کار بڕوات، ژێر خانی رۆشنبیری بینا ناکرێ و پەرەی پێ نادرێ، ئەوە لە کاتێکدا چەندین بینا و ناوەندی وەرزشی کە تەواو بوون، لەبەر بێ فەرمانبەری لەلایەن وەزارەتەوە نەکراونەتەوە و سوودیان لێ وەرنەگیراوە.

٤. پرۆژە بەردەوامەکان، لەسەر بنەمای "ئیختیصاص" لەم وەزارەتەوە ناگوازرێنەوە بۆ وەزارەتێکی تر: بۆ نموونە، ئەمساڵ (پرۆژەی دروستکردنی پەرتوکخانەی گشتی لە پیرمام کە زنجیرە- ٧٩ یە لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای هەولێر)، ساڵی ٢٠١١ لەناو (پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری- زنجیرە ٢٦) بوو.

٥. پرۆژەکان لەبەر هەر هۆیەك بێت بە گشتی زۆر دوادەکەون و لەو ماوەیەی کە بۆیان دانراوە ناهێنەجێبەجێکردن. هەر بۆ نموونە دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەر لە هەولێر کە (٥٠٠) رۆژی بۆ دانراوەو لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٠یە و دەبوایە تا ئێستا تەواوبوایە، کەچی تازە ئیحالەکراوە. یان دروستکردنی شاری رۆشنبیری و هونەری لە سلێمانی کە پرۆژەیەکی ستراتیجییە و ٢٤٠٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە و (١٤٤٠) رۆژی بۆ دانراوە و لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٠-یە، هێشتا (دیزاین)ەکەی تەواو نەبووە.

٦. دەبوایە، وەزارەتی پلاندانان، داتاو زانیارییەکانی لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان وردتر بوانایە، بەلانی کەمەوە تا کۆتایی ٢٠١١ زانیارییەکانی ئاپدێت بکردبانایە... بۆ نموونە، دروستکردنی کۆمەڵگەی رۆشنبیریی لە کەلار (زنجیرە- ١٠ی پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری- لە پارێزگای سلێمانی کە لە ٢٠١١/٤/٢٠ دەستی پێکراوە) تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١، مەبلەغی ٣٨٠ ملیۆن دیناری لێ خەرجکراوە و ١٠١٨ ملیۆن دیناریش بۆ ئەمساڵ ماوەتەوە، نەك وەکو ئەوەی کە نووسراوە ٣٢٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە. یان دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە دهۆك (زنجیرە- ٨ لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری- لە پارێزگای دهۆك و لە ٢٠١١/٣/١١ دەست بەکار بووە)، نووسراوە هیچ پارەیەکی تا کۆتایی ٢٠١١ لێ خەرج نەکراوە، لە راستیدا تا کۆتایی ساڵ (٥٧٥) ملیۆن دیناری لێ صەرفکراوە.

٧. هەندێ پرۆژەی رۆشنبیری لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا، هەن، ساڵی رابردوو (٢٠١١) لەناو پرۆژە پێشنیازکراوەکاندا نەبوون. ئەوە جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەو پرۆژانە دانراون، بەڵام دەبوایە پاش ئەوەی کە رێککەوتن کراوە لە نێوان هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و پلاندانانەدا، بەلانی کەمەوە پەرلەمانیشیان لێ ئاگادار بکردبایەوە. بۆ نموونە: زنجیرە ژمارەکانی (٢٩، ٣٠، ٣٢: واتە کۆمەڵگەی رۆشنبیری لە خەبات، لە کۆیە، هۆڵی بۆنە رۆشنبیریەکان لە بەرزێوە) لە پارێزگای هەولێر و زنجیرە ژمارەی (٢٩- دروستکردنی کۆمەڵگەی رۆشنبیری لە ئاکرێ) لە پارێزگای دهۆك. دەبوایە لە جیاتی ناحیەی بەرزێوە، ئەو کۆمەڵگە رۆشنبیرییە لە مەرکەزی قەزای چۆمان بکرایە.

٨. دروستکردنو پەلە کردن لە دروستکردنی کۆمەڵگای هونەری لە قەزاو ناحیەکانو بەشێ لە (بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێ).

**تێبینی گشتی:**

٩. بەداخەوە، جۆرێ لەنا رێکوپێکی بە هەندێ لە پرۆژە بەردەوامەکانەوە دیارە: بۆ نموونە: (دیزاینی بینای چاکسازی نەوجەوانان لە دهۆك- زنجیرە ٨٠یە لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای

دهۆك)، بەڵام  دروستكردنی ئەو چاكسازییە و راوێژكاریی بۆ ئەو پرۆژەیە، زنجیرە (٣٦ و ٣٧)ی لەناو پرۆژە بەردەوامەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری گرتووە.

١٠. بەداخەوە هەندێ شتی سەیر هەن لەناو ئەو پرۆژانەدا، بۆ نموونە (دیزاینی كۆمەڵگەی ئاسایش لە سلێمانی) كە (زنجیرە- ٤٣ی لەناو پرۆژە بەردەوامەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لە پارێزگای سلێمانی داگرتووە) ٧٥ رۆژ بۆ دیزاینەكەی دانراوە و لە ٢٠٠٩/١١/٢٥ دەستی پێكراوەو  هێشتا ئەو دیزاینە تەواو نەبووە!

**سێیەم: دامەزراندن**

١. بۆ ئەمساڵ بڕیاردراوە كە ٣٠٠ كەس بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دابمەزرێ. وەك بۆمان دەركەوتووە. وەزارەتی ناوبراو  سوودێكی ئەوتۆی لەو فەرمانبەرانە وەرنەگرتووە كە ساڵی پار دامەزراون. زێتر لەناو سەنتەری شارە گەورەكاندا دامەزراون و زێتر دامەزراندن لەپێناو دامەزراندن بووە. لەكاتێكدا وەزارەت پێویستی بە خەڵكی "ئیختیصاصی" و لە هەندێ بواری دیاریكراودا هەیە بۆ فەرمانگەكانی لە قەزاو ناحیەكاندا و تا ئێستا نەیانتوانیوە. هەر بۆ نموونە لە  هەندێ بنكەو ناوەندی لاوان كە بۆیان دروستكراوە و وەرگیراون لەبەر بێ فەرمانبەری لەو شوێنانە تا ئێستا ئەو ناوەندو بنكانە نەكراونەتەوە. بۆیە پێشنیاز دەكەین، ئەگەر سیستەمی دامەزراندن وەكو پاریش بێت، لە هەر پارێزگایەكدا نوێنەرێكی وەزارەت لەو لیژنەی دامەزراندنە هەبێت و "ئەسبقیەت"یش بۆ ئەو كەسانە بێت كە چەند ساڵێكە بە گرێبەست كار دەكەن.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار**

١. تا ئێستا ماستەرپلانی شوێنەروار لە هەرێمی كوردستان، كە لە پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە (زنجیرە ژمارەی ٧)، دەستی پێ نەكراوە. هەروا لە كۆی (٤) پرۆژەی شوێنەوار لە پارێزگای سلێمانی (٣) پرۆژەیان هیچ پارەیەكیان تێدا خەرج نەكراوە. لە پارێزگای دهۆك-یش لە كۆی (٦) پرۆژە، پرۆژەی (چاكردنەوەی پردی دەلال) كە لە ٢٠١١/٢/٦-ەوە گوایا دەستی پێكراوە، هیچ پارەیەكی تێدا صەرف نەكراوە. لە پارێزگای هەولێریش، تەنیا (پرۆژەی نوژەنكردنەوە قەڵای هەولێر) هەیە كە لەناو پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە و هێشتا تەواو نەبووە. ئەوەش بەبایەخ وەرنەگرتنی ئەو بوارە گرنگەی مێژوو و شارستانێتیی گەلەكەمان دەگەیەنێت.

٢. چ لە ساڵی ٢٠١١ و چ ئەمساڵیش، هیچ پرۆژەیەك كە تایبەت بێ بە بواری شوێنەوار لەناو پرۆژە پێشنیازكراوەكاندا دانەنراوە، ئەوە لەكاتێكدا، كوردستان لەنێوان (٣٥٠٠-٧٠٠٠) جێگەی ئاسەواری تێدایەو مانگانە تیم و كەسانی پسپۆری بیانی كە لە بواری شوێنەواردا كاردەكەن، سەردانی كوردستان دەكەن. بۆیە پێشنیاز دەكەین، چەند پرۆژەیەك، بۆ نموونە نوژەنكردنەوەی قەیسەری كفری كە لە ساڵی ٢٠٠٨-ەوە موافەقەی ئەنجوومەنی وەزیران-یش هەبووە، بخرێنە ناو لیستی پرۆژە پێشنیازكراوەكانەوە.

**پێنجەم: پرۆژە یاسای بودجە**

**ماددەی یازدەم: بڕگەی دووەم: نووسراوە تا دەرچوونی قانوونی ئەنجوومەنی راژە. لە کاتێکدا ئەو قانوونە قانونی ژمارە (٧)و سالی ٢٠١١ دەرچووە و پێویستە کاری پێ بکرێ.**

**ماددەی سێزدەم:**

**پێشنیازدەکەین، ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ. چونکە پێچەوانەی قانوونی خانەنشینی ژمارە ( ٤٣ ) ساڵی (١٩٤٠ )ەو تەمەنی خانەنشینی ٦٣ ساڵە.**

**لەگەڵ رێزدا....**

**ئاسۆ کریم**
**سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و**
**راگەیاندن و شوێنەوارەکان**